# وتووێژ لەگەڵ هێمن نەقشبەندی

## سەرنووسەری ڕۆژنامەی "جەماوەر"

ئا : حامد مرادی

ڕەزبەری ١٣٨٤ی هەتاوی، ژمارە ٣٢





ڕۆژانێکە ڕا پەڕین و خۆپێشاندانی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو بیر و هۆشمیان تەنیوە و پاڵم پێوەدەنێ کە بە شێوەیەك ئەمەگ ناسی خۆم بە نیسبەت ئەم حەرەکەتە نوێیەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرببڕم، ئەم گەڕان و بەدواداچوونەشم بە مەبەستی شکاندن و ڕەت کردنەوەی هیچ لایەن و گروپێك نییە، بەڵکوو تەنیا مەبەستم کرانەوەی دەرگایەکە بۆ ڕاڤە و هەڵکۆڵینی ئەم بزوتنەوە لە ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازەوە. دەمەوێ بەم شێوەیە ئەو بێدەنگی و مت بوونەی کە لە ئاست ئەم بزوتنەوە دەنوێندرێ بشکێنم و وەدەنگی بێنم. هەربۆیە بۆ بیستنی ڕوانگە و بۆچوونی کاك "هێمن نەقشبەندی" سەرنوسەری حەوتوونامەی "جەماوەر" بەرەو شاری هەولێر کەوتمەڕێ و ئەم چاوپێکەوتنەم سازدا.

***پ : کاک هێمن ئاگادارن کە شەهیدکردنی لاوێک ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەژاند و بەم شێوەیە خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووەتە قۆناغێکی نوێوە، بە رای ئێوە پاڵنەرەکانی ئەم حەرەکەتە نوێیە دەتوانێ بۆ چ شتێک بگەڕێتەوە؟***

**و** : بەڕای من شەهیدکردنی شوانەی سەیدقادر تەنیا هۆکاری دروست بوونی سەرهەڵدانەکان نەبووە، لە کوردستانی ئێران زەمینەیەك هەیە، زەمینەیەك بۆ راپەڕین، زەمینەیەك بۆ ئیعترازاتی خەڵك، بەڵام ئەو زەمینەیە پێویستی بە هۆکار هەبوو، پێویستی بە وەسیلەیەك هەبوو کە بەو هۆیەوە تۆ بتوانی شتێك بکەی شەرعییەتی هەبێ، نەدەکرا لە شارێکی وەك مەهاباد یان لە بانە یان لە شنۆ یان لە هەر شوێنێکی دیکە خەڵك بێنیتە سەرجادە، خەڵك بێنیتە سەرجادە بە چ عینوانێك، عینوانەکانت زۆرجار لاوازن، زۆرجار ئەوەن کە تۆ ناتوانی رەهەندێکی نێودەوڵەتی پێببەخشی، بەس شەهیدکردنی "شوانەی سەیدقادر" بەپێی ئەو وێنانەی کە من لە ئینتێرنێت بینیومە، دڕندەیی ئەو حکومەتە پێشان دەدا، ئەو سەرەڕای ئەوەی کە تەقەیان لێ کردووە پاشان رایانکێشاوە لە شەقامەکاندا، ئەمانە بۆخۆی بوونە هۆکارێکی گرینگ، واتە گەرمییەك هەبوو لەناو خەڵك دا کە خەڵك راپەڕێت, بەڵام ئەو گەرمییە دائیمەن سەرقاڵ دەکرا بە کۆمەڵێك سیاسەتی ترەوە, مەسەلەن سەرقاڵ دەکرا بەوەی کە سەنتەرێکی رۆشنبیری کراوەتەوە, یان خود گۆڤارێکی رۆشنبیری دەرئەچێ, واتە هەرچی ئەو گەرم و گوڕیەی کە لەنێو خەڵکی کوردستانی ئێران دا هەبوو هەڵیان دەمژی دەیانخستە رۆژنامەیەکەوە, دەیان خستە گۆڤارێکەوە یان سەنتەرێکی رۆشنبیرییەوە یان بە ئاسانترین شێوە دەیان خستە کاناڵێکی ئاسمانییەوە, کاناڵی سەرحەت هەیە کاناڵێکی کوردییە، دنیای دەرەوەی خۆت کە ئەو کاناڵە دەبینێ، ئیتر ئەوان دەیکەنە دەلیلێك بۆئەوەی کورد لە ئێران هەموو مافەکانی خۆی پێدراوە، واتە شەهیدکردنی "شوانە" سەبەبێکی گەلێك باش بوو بۆئەوەی کە بەراستی خەڵك ئەوەی کە لە دەرونیایەتی، ئەوەی لە مێشکیایەتی، ئەوەی کە دەیهەوێ دەری ببڕێ و ناتوانێ، لەمیانی وتارێك دا یان خود لەمیانی رۆژنامەیەك یان گۆڤارێك دا دەری ببڕێ، "شوانەی سەیدقادر" بوو بە سەبەبێك کە دەری ببڕێ، بێتە سەرجادە، چونکە شەهیدکردنی شوانە تەنیا شەهیدکردنی کەسێك نییە کە ناسنامەکەی کورد بێ بەڵکو دڕندایەتی یەکە بەرانبەر بە ئینسانێك، بەرانبەر بە هەموو مرۆڤایەتی کە کراوە بەکوشتنی ئینسانێك لە نەزەری حکومەتێك دا تەنیا پێویستی بە یەك گوللە هەیە، یەك گوللە بنێ بەسەریەوە تەواو ئەمرێ، بەڵام کە تۆ بێیت لاشەی بشێوێنیت، رایکێشیت بەسەر جادەوە سوکایەتی پێ بکەی، ئەو سوکایەتی پێ کردنە سوکایەتی کردنە بە میللەتێك. بەراستی کە مەسەلەکان دەگەنە ئەو رادەیە دەبینی کە شەقامی مەهاباد خۆی راناگرێ، بۆچی؟! چونکە شوانە دەبێتە رەمزی شارێك، دەبێتە رەمزی میللەتێك، دەبێتە رەمزی نەتەوەیەك، بۆیە دەبینین هەموو خەڵك لە مەهابادەوە دێتە سەرجادە، لە مەهابادەوە تێپەڕ دەبێ بەرەو شارەکانی دی. من پێموایە شوانە تەنیا هۆکار بوو، یانی نەك شوانە، گەر بهاتبایە ئەندامێکی دیکەش یان کوردێکی دیکەشیان لە هەر شارێکی کوردستان دا واڵێ بکردبایە رەنگ بوو ئەو گەرم یەی بە خەڵك ببەخشیبایە کە بێنە سەر شەقامەکان، واتە ستەمێك هەیە، ستەمێك لەوێ لەسەر خەڵکی کورد هەیە ئەم ستەمە چۆن دەری ببڕی، تۆ ئەبێ هۆکارێکی بەهێزت هەبێ، ئەم هۆکارە بەهێزە خۆی خەڵکی رێك خستووە واتە ستەمەکە، یانی ئەو ستەمەی کە لەسەری بووە خەڵکی رێك خستووە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو دەسەڵاتە، بەڵام دەبینی کونێك نادۆزیوەتەوە یان خود بوارێك کایەیەك نادۆزیتەوە کە لەویوە بچیتە شەقامەوە، هەمووی لەسەر شۆستەکان وەستاوە، یانی پێش لە شەهیدکردنی شوانە هەمووە لەسەر شۆستەکان بوو، تەماشایان دەکرد بەڵام کە شوانەیان بینی بەو شێوەیە هاتنە سەرجادە کە ئەمە دەلیلێکی دیکەی ئاستی رۆشنبیری خەڵکە لەوێ، یانی گەیشتووەتە ئاستێکی وا کە ئیتر بێدەنگ نەبێ لەئاست ئەو ستەمەی کە بەسەریەوە دەکرێ، راستە کە ستەمەکان لەوێ روکەشە یانی تۆ تا نەتوانی بچیتە نێو ناخی کێشەکانی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە ناتوانی ئەو ستەمانە ببینی، راستە هێندێك مافی رۆشنبیری دراوە بەڵام ئەوە کافی نییە و ئەوەش ناتەواوە بۆیە دەبینی بە شەهیدکردنی ئەندامێکی هەر حیزبێك یان کۆمەڵگا خەڵك لە مافە رۆشنبیرییەکانیان بەرەو مافە نەتەوایەتیەکانیان باز دەدەن، بۆ مافە مرۆڤایەتیەکانیانی خۆی، لەوێوە ئیتر داوای ئەوە دەکات کە بۆچی هاووڵاتییەکی کوردیش هاووڵاتی پلە یەك نەبێ لەو وڵاتەدا؟ بۆچی تۆ لەسەر ئەنجامدانی کاری سیاسی و چالاکی سیاسی دەستگیر بکرێیت؟ کەوابوو ئەم قۆناغە دەبوایە تێپەڕیبا. لە باشوری کوردستانیش عەینی شت بوو، خەڵك لەسەر شۆستەکان بوون بەڵام کە لە بەسرە گوللەیەك بە رەسمەکەی سەددامەوە دەنرێ خەڵك لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك لە شۆستەکانەوە دێنە سەرشەقام، پێم وایە ئەوە سەرەتایەکی باشترە ئەگەر بێتو حیزبەکانی کوردستانی ئێران بتوانن بەباشی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

***پ : وەك ئاماژەت پێکرد رێکخستنی ئەم چەشنە***

***جوڵانەوانە پێویستی بە مێتۆد و خوێندنەوەی نوێ هەیە، بەڵام ئەمە نەکراوە بەتایبەتی لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ئێوە ئەم خەم ساردی و بێدەنگیەی حیزبەکان بەرامبەر ئەم جوڵانەوە لەچی دا دەبیننەوە؟***

**و :** ڕاستە، من لە ئەنجامی بەدواداچوونم بۆ سەر ئەم ڕووداوانەی کوردستان دەبینم کە حیزبەکان زۆر داماون لە مامەڵە کردن دا، وەك پێشتریش وتم گرینگ ئەوەیە حیزبەکانی کوردستانی ئێران بتوانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوە بکەن، ئەوەی کە من بینیم شتی عەنتیکەیە، یانی ڕووداوێکی وا کەم نییە بەتایبەتی لە بارودۆخێکی سیاسی ئەمڕۆدا کە فشارێك هەیە لەسەر ئێران، ئەو حیزبە کوردیانە زۆر بە ئاسانی دەتوانن هاوپەیمانییەتێکی کوردستانی دروست بکەن، زۆر بە ئاسانی دەتوانن تەبلیغاتەکانیان هەموو یەك بخەن بۆ ئەو مەبەستە، دەتوانن ئەوان ببنە ڕابەری ئەو خەڵکە، ئەوان ئەو خەڵکە ببزوێنن بە کام شەقامدا بڕوا و لە کام شار دا دەست پێبکا، چی بکەن و چی نەکەن. حیزبەکان دەبوایە لەو ئەزموونە کەڵکی باشیان بۆ تاقی کردنەوەی خۆیان بگرتبایە، لە ساڵی ١٩٧٩ کە خومەینی لە پاریس بوو، لە ڕادیۆ مۆنتیکارلۆ دەیگوت مەسەلەن حەوت سەد کەس بچێتە فلانە شوێن ئەوەندە شوێن ئامادە بکرێ، لە ماوەیەکی کورت دا هەمووی ئامادە دەکرا، بە داخەوە ئەو چەشنە ڕێکخستنە لە ناو حیزبە کوردییەکانی ئێمە دا کەمە، دەبینیت ڕووداوێکی وا گەورە ڕووی داوە، جارێ کێشە لەسەر ئەوەیە ئایا "شوانەی سەیدقادر" سەر بە کام حیزبە، دەبینی ئەو بەیاننامە دەردەکا، ئەو دیفاع لە خۆی دەکا کە "شوانە" سەر بە حیزبی منە، لەگەڵ سکرتێری من دا کۆبووەتەوە، یەکێك دەڵێ کاکە نەخێر وانییە ئەو حیزبە ڕاست ناکا، "شوانە" کرێکارێکە، شوانە تەشکیلاتی من بووە و هتد، ئەوانە بریتین لە پشت شکاندنی خەڵك، ئەو خەڵکە بەو هەموو بوێرییەوە هاتووەتە سەرجادە داوای مافی میللەتێك دەکا، چ مەعقولە حیزبێك دانیشێ بیر لەوە کاتەوە ئایا شوانە سەر بەوە یان سەر بەو نییە، شوانە سەر بە هیچ حیزبێك نییە، "شوانە" سەر بەوخەڵکەیە، "شوانە" کەسێك بوو لەپێناوی نەتەوەکەی خۆیدا وای لێکرا، یەعنی ئەگەر چالاکییەکی سیاسی نەکردبایە بۆ حیزبێك وای لێنەدەکرا؟ ئەو حیزبەش بۆ کێ خزمەت دەکا؟ هەر بۆ کوردستانی ئێران نییە؟ کەواتە دەبێ تۆ شتەکە گشتی بکەی، نەك بەوەی تایبەتی بکرێ بە خۆتەوە,ئەو حەرەکەتەی کە ئێستا لە کوردستانی ئێران هەیە بەلامەوە سەیرە کە حیزبەکان ناتوانن مامەڵەی لەگەڵ دا بکەن ,واتە بە پێچەوانەوە ئێستا دەبوو هەموو حیزبەکان دابنیشتایان و کۆبوونەوەی نائاساییان گرتبایە و لەگەڵ ڕێکخستنەکانی خۆیان پێوەندیان گرتبایە کەچۆن هاریکاری یەکتری بکەن لە ناو شارەکاندا.تەنانەت ئێستا دەبوو ڕۆژنامەو ڕادیۆی یەکگرتوو هەبوایە لەنێوان ئەو حیزبانەدا, بۆنموونە ڕۆژنامەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەمە دەنگی خەڵکی کوردستان بوایە, ڕادیۆیەك هەبوایە تایبەت بەو ڕاپەڕینەو شتی زۆر گەورە کرابایە لەسەر ئاستی دەرەوە, تۆ دۆستت هەیە لەفەرانسە, ئەڵمان, بەریتانیا و ئامریکا, بەڵام تا ئێستا نەیان توانیوە ئەو مەسەلەیە نمایش بکەن, نمایشێکی سیاسی. تۆ نابێ مەسەلەیەکی واگەورە تەنها ببەیتەوە بۆ شوانە. ئەوە هەڵەی گەورەی حیزبەکانی ئێمەیە, لە ئێنترنێت کێشەکە لەوە کۆ کراوەتەوە کە شوانە سەر بەکام لایەنە؟ لەکاتێك دا ئەو مەسەلەیە گرینگ نیە, شوانە نەفەرێك بوو, شوانە نەبوو کۆچەر بوو, ئەوە گرینگ نیەگرینگ ئەوەیە کە ئەم مەسەلە بوە هۆی ئەوەی کە خەڵك بێتە سەرشەقام, کە هاتانە سەر شەقام ئیتر ئەرکەکە و ئاراستەکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی حیزبەکان, حیزب بۆیە پێی دەڵێن حیزب چونکە پلەیەك لە سەرووی خەڵکەوەیە بۆئەوەی تاوەکوو خەڵك ئاراستە بکا, ئەگینا من ئێستا دەبینم کە ئاستی خەڵك لە سەرووی حیزبەوەیەو هۆشیاری خەڵك لە هۆشیاری حیزبەکان لە سەرووترە. ئەمە کارەساتە ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان ڕاست نەکەنەوە و پێم وایە ڕاپەڕینەکە بە زیانی خەڵك تەواو دەبێ و پێشم



وابێ قوربانیەکی زۆر دەدرێ و ڕژێمی ئێران جوابی خەڵك ناداتەوە و کاتێك کە بزانێ حیزبەکان ئاوا پەرش و بڵاون ئیتر ئەویش بێمنەت دەبێ لێیان، بەکۆمەڵێك ئیمتیاز خەڵکەکەی ئارام دەکاتەوە، چونکە ڕەنگە دەسەڵات زۆر ئەڵترناتیڤی پێبێ، بەبێ ئەوەی حیزبەکان ئاڵترناتیڤیان هەبێ. تۆ بیت شەڕ لەسەر ئەوە بکەین کە راپەڕین سوکانەکەی بەدەست کێوەیە یاخۆ شەڕ لەسەر ئەوە بکەی کە پێویستە بەرەیەکی یەکگرتووت هەبێ بۆئەوەی راپەڕین برەو پێبدەی، بەردەوامی یەکی پێببەخشی تا ئەم بەردەوامی پێبەخشینە دەبێتە فشارێك لەسەر دەوڵەتی ئێران، من پێم وایە کێشەی حیزبەکانی ئێمە ئەو کێشەی دەسەڵاتەیە کە هێشتا تەیانتوانیوە خۆیانی لێ ڕزگار بکەن.



***پ : لە قسەکانی ئێوە دا وادەردەکەوێ کە کۆمەڵێک لەم حیزب و لایەنانەی بونەتە ڕێگر لەبەردەم گەشەسەندنی هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵێک ئەقڵیەتی لۆکالی کە بەردەوام باس لە ناوچە و دەڤەرێکی تایبەت و دەست نیشان کراوی خۆیان دەکەن و کوردستانی دابەش کراو بۆ چەندین بەشی دیکە دابەش دەکەن و پڕ بە زار باس لە مۆدێرن بوون و کوردستانی بوون دەکەن بەبێ ئەوەی توانایی ئەوەیان هەبێ لە بازنەی ئەقڵیەتی ناوچەیی ڕزگار بن و تۆزێک کراوەتر بیر بکەنەوە ئەمەش پێچەوانەی ئەقڵیەتی خەڵکی کوردستانە، ئێوە ئەمە چۆن دەخوێننەوە؟***

**و :** خاڵێکی پۆزەتیڤانە ئەوەیە کە ئەو خەڵکەی کوردستانی ئێران ئاگاداری ململانێی ناو حیزبەکانی ئێرە نین، ئەو حیزبانەی کە خۆیان بە نوێنەری ئەو خەڵکە دەزانن، دەنا بە بڕوای من ئەگەر ئاگاداری ئەوە بوایەن یان دەچوونە ماڵەوە یان خۆیان لەناو خۆیان دا سەرکردایەتی‌یەکیان دروست دەکرد، ئیتر ناوی دەنێن چی ئەوە گرینگ نیە، گرینگ ئەوە بوو شتێکیان دروست دەکرد، رابەرایەتیەکیان دروست دەکرد و ئمانە دەبوونە هەڵسوڕانی ئەم ئیشە، بەڵام ئێمە بەم بابەتەوە ئەزمونێکمان نیە و بەداخەوە خەڵك بەردەوام چاوی لە حیزبە و دەیهەوێ حیزب ببێتە رابەری و حیزب نوێنەرایەتی خەڵك بکا، بۆنمونە فەرانسە شۆڕشی کرد لەبەرئەوەی ڕێبەرێك نەبوو کە ئەو خەڵکە ئاراستە بکا. ناپلیۆن دەسەڵاتی گرتە دەست و بردیەوە بۆ پاشایەتی وەك ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان شۆڕش لە فەڕانسە هەر نەکرابێ. کێشەکەی ئێمەش ئەوەیە ئێمە ئەو ئەزمونانەمان لەبەرچاوە، ئایا حیزبەکانی ئێمە مێژو ناخوێننەوە؟ حیزبەکانی ئێمە چواردە ساڵە خەریکی چین؟

حیزبەکانی ئێمە مێژو دەخوێننەوە بەڵام نۆ بۆ تێگەیشتن بەڵکوو بۆ. . . ئێمە قەت هەوڵمان نەداوە کە لە بەرامبەر نوقتە تاریکەکانی مێژوو بوەستن و هەڵی کۆڵین بەڵکوو تەنیا بۆ پێدا هەڵگوتن و شانازی کردن بە رابردووەوەیە، کە دیارە من موخالیفی شانازی کردن بە رابردووەوە نیم، بەڵام بە مەرجێك نەبێتە لەمپەرێك بۆ چوونە پێشەوە.

لەگەڵتام، بۆ پشت راست کردنەوەی قسەکەی جەنابت ئەوە بە درێژایی چەندین ساڵە ململانێیەك هەیە لە نێوان ڕێفۆرمیست و رادیکاڵ لە نێو دەسەڵاتی وێرانی‌یا، بەڵام من تا ئێستا لەو حیزبانەی کوردستانی ئێران بانگەوازێکم نەدی شتێکم نەدی کە بە شێوەیەکی زانستیانە تاووتۆی ئەو مەسەلانە بکاو بە خەڵك بڵێ کاکە ئێوە شوێن ئەو شەڕە بێ مانایە مەکەون، چونکە لەو شەرە هەرکەسێك براوە بێ بۆ کورد هیچ نی‌یە، ئەلبەت ئەوە بە مانای ئەوە نی‌یە کە هەر هیچیان نەکردوە بۆ وێنە دوکتور عبدالرحمان قاسملوو خوێندنەوەیەکی زانستی‌و ئاکادیمیانەی لەو مەسەلانە هەبوو و هێندێکی دیکەش لەو ئینسانە بە توانایانە بەڵام بەدوای ئەوان دا شتێکمان نەدی جگە لە سیاسەتێکی کۆنیسێرڤاتیڤانەکە دیارە ڕەنگە هەندێك فاکت بوبێ، بەڵام بەڵام ئێستا

زەمینەکە لە بارە، خەڵکەکە هۆشیارە، دەرك بە مافەکانی خۆی دەکا، حیزبەکان هەیە، بارو دۆخی سیاسیو نێودەوڵەتی هەتا بڵێیت لە بارە، بارو دۆخی عێراقیش لە حاڵەتێك دایە کە گونجاوە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری پێك بێ، پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ئارادایە، پرۆژەیەك بۆ دێمۆکراتیزەکردنی ناوچە، تۆ سەیری کە لە بەرانبەر ئەم هەموو دەستکەوتە گەورانە کە تۆ هەتە، حیزبەکانی تۆ لە کوێ دایە، حیزبەکانی تۆ لە ئاستێك دایە کە فیعلەن دەبێ بەزەییت پێدابێ، ڕاستە وەکو دروشم، وەکو ڕێباز وەکو خەبات، خەباتێکی باشیان هەبووە، دروشمەکانیان جوانە، ڕێبازەکانیان جوانە، بەڵام کێشەی ئەو حیزبانەی ئێمە ئەوە دایە کە نازانین مامەڵە بکەین، تۆ کە نەت زانی مامەڵە بکەی هیچت پێ ناکرێ، خەڵکەکەت تووشی گرێ دەروونییەك دەکەی کە ڕۆخانی کۆمار کاریگەری لە سەریان هەبوە، نابێ ڕێگا بدەین کە خەڵك جارێکی دیکە بەو ئاراستەیە بڕوات چونکە ئەمە دەرەنجامی خەراپی لێ دەکەوێتەوە.

***پ : کاك هێمن دوا پرسیارم ئەوەیە بۆچی حیزبە کوردییەکان بە گشتی لە ڕەخنەگران و حەرەکەتە عەقلانییەکان تۆقیون؟***

**و :** پرسیارێکی جوانە، من بەبێ ئەزموونی خۆم لە چەند مەسەلەیەکی سەرەکیدا دەیبینمەوە عادەتەن حیزبەکانی خۆمان، حیزبی کوردی یەك سیفەتی سەیرو غەریبی هەیە کە کاتێك یەکێك دێتە مینبەرێك و قسەیەك دەکا لەو حیزبە وایە کە ئەم کەسە ئالترناتیڤێك بۆی، لە کاتێك دا من نامەوێ ببمە ئالترناتیڤی سکرتێری حیزبێك یان نامەوێ ببمە ئالترناتیڤی ئەندامێکی سەرکردایەتی، بۆیە حیزبەکانی ئێمە وا ئێمەن لەو نادڵنیاییە دەترسین، یانێ ئەو هەست دەکا دەڵێ ئەمە ڕەنگە زیاتری پێ بێ ڕەنگە پێگەی من لاواز بکا، ژونکە یەکێك لە ئامانجەکانی حیزب دەسەڵاتە، کە وەختێك ئەو کەسانە بەرز دەبنەوەو ڕەخنە دەگرن ئەو یەکسر هەت بە لەرزینی کورسییەکەی خۆی دەکا، هەست دەکا کورسییەکەی لە خەتەر دایە، پێویستە ڕزگاری بکا، ڕزگار کردنەکەشی چۆنە، دەمکوتی دەکا سەرکوتی دەکا، بە ئاژاوەچی ناوی دەبا، بە گێرە شێوێن ناوی دەبا، لە کاتێك دا من پێم وایە ئەوانەی کە ڕەخنە دەگرن ڕەنگە هیژیان مەبەستیان ئەوە نەبێ کە بچنە سەر کورسییەك دانیشن نا بە پێچەوانە، هەیە زۆر لە خۆبوردوانە تەنیا مەبەستی ئەوەیە چاکسازییەك بکرێ،شێوازێکی باشتر بکرێ، یانی ئێمە لە ڕۆژنامەکان دا کۆمەڵێك پێشنیاری جوان دەبینن کە بۆ دەسەڵات دەکرێ، ئەو پێشنیارە لە کۆمەڵێك گەنجەوە دێ،لە کۆمەڵێك لاوەوە دێ، داوا دەکا دەڵێ کاکە با جیدیترو قوڵتر بچینە نێو کۆمەڵگەو لە دیار دەکەن بکۆڵینەوەو هتد.

من پێم وانیە کە مەبەستی ئەمانە ئەوە بێ کە ببن بە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یان جێگەی یان جێگەی ئەندامێکی سەرکردایەتی بگرنەوە، نا ئەمە لە دڵسۆزییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئینتما زۆر مەسەلەیەکی گرینگە کە لەلای ئێمە بوونی نییە. ئینتما بە خاك، بە نەتەوە، بە مرۆڤایەتی ئەمە زۆر گرینگە من وەکو ئەدۆنیس نالێم "ئەوەی کە ئەمبەستێتەوە بە خاکەوە پێڵاوەکانمە"، ئەوەی کە ئەمبەستێتەوە بە خاکەوە بوونی خۆمە، بوونی کەس و کارمە، بوونی منداڵەکانمە، هەموو شتێکی من لەم خاکەوە سەرچاوەی گرتووە. کەوابوو دەسەڵات لەو هەستەی ڕەخنەگر تێناگات، زۆر ئاساییە کە ناتوانێ لەنێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر دا هەبێ بەڵام ئەم ناکۆکییە لەناو ئێمە دا جیاوازە و لە شوێنەکانی دیکەش دا جیاوازە، کە ئەمەش هۆی ئەو پاشخانە دواکەوتووەیە کە ئێمە هەمانە کەوا ئێمەش تەفسیری خراپی لێ دەکەین بەڵام لە وڵاتانی دیکە ئەمە دیالۆگ دروست دەکا، لەوێ دەسەڵات ڕاوێژ بە ڕۆشنبیر دەکا، بەڵام لای ئێمە دەڵێن "قسەکانتان جوانە" بەڵام کەس گوێی لێ ناگرێ یان کەس جێبەجێی ناکا، ئەوەیە کێشەی ئێمە، بەڵام ئێمە هەر دەبێ بیکەین و بۆ نەسلی داهاتوومان، قسەیەکی "عبدالرحمن قاسملو" هەیە کە دەڵێ: "پێویستە ئەوەندە ئیش بکەین کە نەوەکانی داهاتوومان بڵێن ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاندووە". کەوابوو دەبێ ئێمە ئیش بکەین و تابێ بوەستین.

***بەڵام کاك هێمن، من پێم وایە یەکێك لەو هۆکارانەی کە دەسەڵاتدارانی ئێمە گوێ لە ڕەخنەگران و ڕۆشنبیران ناگرم ئەوەیە کە ڕەخنەگران و ڕۆشنبیرانی ئێمە لە دوو فاقیەتی یەك دا دەژین و خۆیان ساغ نەکردووتەوە و حەرەکەتی دیماگۆجیانە دەکەن، بۆیە نەیانتوانیوە تا ئێستا ببنە ئەهرۆمی فشار بۆ سەر دەسەڵات.***

بێگومان وایە، بەداخەوە زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئێمە لە ڕابردوو دا دەژین یان لە هێندێك کەسایەتی و لایەن دا تواونەتەوە، یان پڕبەزار باسی نەتەوەیی و کوردستانی یەکگرتوو دەکەن، کەچی خۆیان لە ئەقڵییەتی ناوچەیی و داخراو دا گەوزاون، ڕۆشنبیرێکە کە زیاتر بەدوای شتی لاوەکی دا دەگەڕێ، کاری ڕۆشنبیر ئەوە نیە قسە بکات و بڕوا یان ڕاڤەی دەقەکانی ڤۆلتێر و فۆکۆ و دێکارت بکات و خۆی بەپێچەوانە بجولێتەوە و لە بەرامبەر سەرکردە حیزبی یەکان دا ئەوەندە ڕەزیلانە بجولێتەوە کە بێزت لە مرۆڤایەتیش بێتەوە، ئەمەیە کێشەی ئێمە. بەڵام نابێ ناهومێد بین، دەبێ هەوڵی بۆ بدەین، بەتایبەتی من هیوام بە ڕۆشنبیر و نوسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە 3